

15
ساڵی دووەم
2009.02
کوێستانی ئێمە هەتاوی لێ ئاوا نابێ
کوێستان
"کچێتی" لە مەزادا
لە ئەمنەسوورەکەوە بۆ مۆزەخانەی سلێمانی
هونەرمەندان بازاڕی ئۆتۆمبێل گەرم دەکەن
ژنێک مەرگەساتەکانی دەنووسێتەوە
هەرخواردنەوە لەبری چا
کەژاڵ ئادەمی:
دڵی خۆم بۆ کەسێک دەکەمەوە لێم تێبگات
شیرین ک:
بەرگەی ئەوە ناگرم زیندوو بم و ژیانامەم بخوێننەوە
د. بایەزید:
لە کوردستان بواری خۆ پۆشنبیرکردن کەمە



# کەژاڵ ئادەمی:

## شیعر ژوورێکە تێیدا بەکوڵ دەگریمو بەدڵ پێدەکەنمو هەموو وتەکانم رووتو بێ پەردە باس دەکەم

دیمانە: فەرمان عەبدولرەزاق - هەولێر

***عاشقێکی سەرسەختی شیعرە. کەژاڵ بەم تەمەنە ساوایەی شیعر نووسینی، خاوەن پێگەی خۆیەتی. ئەوکە دوور لە دایكوباوکی گەورە بووەوە، ئەمە وای لێکردوە زیاتر مرۆڤێکی باوەڕ بەخۆتر بێتو بوێریەکی بێئەندازەش چ لە ژیانی تایبەتیو چ لە شیعرەکانیدا رەنگ بداتەوە، لە پاڵ شیعریشدا جارجارە بە دەنگە بەسۆزەکەی گۆرانی دەچڕێ..***

* ئەگەر باسێکی ژیانی ئەدەبیتمان بۆ بکەی، چۆن ئاشنایەتیت لەگەڵ شیعردا پەیدا کرد؟

کاتێ دڵ قسەی زۆری پێ بێت بە هەموو شێوازێك دەیەوێ بیدرکێنێو بەیانی بکات. تەمەنی منداڵی من رۆژانێك بوو پڕ لە تەنیایی. لەدنیای پاکی منداڵانەی خۆمدا کۆشکێکم بیناکردبوو پڕ لەشیعرو گۆرانی. لەگەڵ ئەوەی لە کوردستانی رۆژهەلاّت نووسینو خوێندن بە زمانی کوردی قەدەغە بوو، لەتەمەنی ٩ ساڵیدا بریارمدا بۆخۆم لە رێگەی خوێندنەوەی کتێبی کوردی خۆم فێری نووسینو خوێندنی زمانی دایکی خۆم بکەم، یەکەم کتێبێ بەم مەبەستە خوێندمەوە دیوانی شیعری شاعیری نیشتمان پەروەر، مامۆستا قانیع بوو. شیعرەکانی قانیع جیا لەوەی بۆمن مەکتەبێك بوو بۆ فێربوونی کوردی. پەنجەرەیەکی بۆم کردەوە روو بەدونیای سیحراوی شیعر. رۆژەکانی تەمەنم رۆیشتنو خۆشەویستی نێوان منو شیعر رۆژ لەگەڵ رۆژ بەهێزتر بووە. ئێستا ئیدی شیعر بەشێکی مەزنە لەژیانی من، نزیکترین هاورێمە. زۆرکات دلّم داوای شیعری تازەم لێدەکاتو دایمە تامەزرۆی فرین بەرەو ئاسمانێکی رووناکترم. شیعر ژوورێکە تێیدا بەکوڵ دەگریمو بەدڵ پێدەکەنمو هەموو وتەکانم رووتو بێپەردە باس دەکەم.



*ئەمەوێ بپرسم شتێکی دیاریکراو هەبوو وا لەتۆ بکات شیعر بنووسیت؟

– شیعرەکانی من ئەوکاتە دەخولقێن کە لەم دونیا ئالۆزەدا هەست بە تەنیاییەکی قوڵ دەکەم. لەوکاتانەدا بەسەر مەرقەدی بالاّی شیعرەکانمدا فرمێسك دەرژێنم، هەندێك جاریش لێوانلێو لەگەلّیاندا پێدەکەنم. بەکورتی دەتوانم بلێم چوار شت خولقێنەری شیعرەکانی منن: تەنیایی، فیراق، خۆشەویستی بۆ مرۆڤو مرۆڤایەتی، زولمو ستەم.

*ئەوینێکی قوڵ وئازارو ئاواتی ژنێك لەشیعرەکانت بەدی دەکرێت ئەمە سەرچاوەی چییە؟

– لەشیعرەکانمدا بوێرانە تێدەکۆشم، باس



لەو هەلومەرجانە بکەم وا لەکۆمەڵگاکەمدا دێتە بەرچاوم. شیعرەکانم لەروانگەی خۆمەوە وەك ژنێك دەنووسمو هەستی ژنانەی خۆمە کە حاکیمە بەسەر شعرەکانمدا. هەرگیز چاوم نەچوقاندوە لەو ستەمانەی لە کۆ مە ڵگا کە مە ا دژی رەگەزی مێینە هەیە. تێدەکۆشم شیعرەکانم زایەڵەی ئاوات وئەوین و ئازاری ژنی کۆمەڵگاکەم بێت. هۆنراوەی "بەربەیانی ئازادی" نموونەیێکە لەو هۆنراوانەی کەبەم مەبەستە نووسیومە:

*خۆشەویستەکەم کاتی هاتووە*
*کاتی خولقاندنی رۆژهەلاتی سوور*
*رۆژهەلاتێکی سووری ئاگرین*
*کاتی تێکەلبوونی هەنسکەکان*
*کاتی دارشتنی سەمفۆنی ئاواتەکان*
*بەربەیانی ئازادی نزیکە*
*کاتی سرەوتان نیە*
*دەستو بردکە*

***کامە شاعیری کورد بەنزیکی لەخۆت دەزانیت؟**

مرۆڤەکان هەستەکانیان جیاوازن و هەرشاعیرێك تایبەتمەندی خۆی هەیە. لەوانەیە هەستی شاعیرێك لەشاعیرێکدا زۆرنزیك بەخۆم بزانم وقالبی رۆحم بێت، بەلاّم شیعرەکانی تری هەمان شاعیر ئەوهەستەم پێ نەدا. شاعیرمان زۆرە کەبەراستی شعرەکانیانم پێ خۆشە، بەلاّم گەر بمەوێ ناوی کەسێکی تایبەت بێنم دەلێم ژیلا حوسێنی. هەستی شیعری من و ژیلا لەیەك نزیکە، بەلاّم زبانی شیعرمان لەیەکتر جیاوازە.

*چۆن دەروانیتە شیعرەکانی ئەم شاعیرانە(رۆژهەڵەبجەیی _کەژال ئەحمەد
-فروغ فەروخزاد-؟

رۆژ هەڵەبجەیی: رۆحێکی ئالۆز، فاکتەرێکی بەهێز، قەڵەمێ کە لەقولایی ناخەوە هاوار دەکاو دەزرێکێنێ.

کەژال ئەحمەد: دەنگێکە بۆ ژنی سەردەم، هەناسەیەکە بۆ باوەربەخۆبوون و هاوارێکە دژی کۆنەپەرستی.

فروغ فەروخزاد: دایکی شیعری ژنان، بوێرو ورەبەرز، بلیمەتێك بۆسەردەمی خۆی و پاش خۆی.

*تۆ جیا لەوەی شاعیری گۆرانیش دەلێیت، چۆن هاوسەنگییەکە دەپارێزێ، یاخود شعرەکانت لەخزمەتی گۆرانییەکانت دادەنێیت؟

من سالاّ نێکی زۆر پێش لە وەی گۆرانی بێژبم شیعرم دەنووسی. لە واقیعدا شیعرەکانمن کە هاندەرمن بۆ نێو دونیای گۆرانیبێژی. مۆسیقا هاژەی دڵی پر هەستەو شیعر زایەڵەی هەستێکی بەسۆز، کاتێ پشکۆی شیعرو مۆسیقا پێکەوە دەکەونە گرگرتن، ئەوکاتە جوانترین وشەکان لە باوشی گۆرانییێکدا خۆیان دەنوێنن. کەواتە گۆرانی ئەو مەجالە بۆ من دەخولقێنێ تا شیعرەکانم بەشێوازێکی ناسك وجوان بگەیێنمە گوێی جەماوەر.

***ئایا بوونی بەهرەی شیعری کاریگەری هەیە بۆ چوونە نێو دونیای گۆرانی؟** تائەوجێگای بۆمن دەگەرێتەوە، بەلێ. بەهرەی شیعر کاریگەری زۆری بووە لەسەر من بۆ چوونە نێو دنیای گۆرانییەوە، بەلاّم لە ئە ساسدا پێویست نییە هەموو گۆرانی بێژێك شاعیربێت یان هەموو شاعیرێك گۆرانیبێژ بێت. ئەگەرچی شیعرو گۆرانی پەیوەندییەکی تەنگاو تەنگیان پێکەوە هەیە، بەلاّم دوو بواری جیاوازن لەهونەردا .

گرنگ ئەوەیە گۆرانیبێژ لەشیعر تێبگات بۆئەوەی بتوانێ بەباشی بیلێت و ناوەرۆکی شیعرەکە تێك نەدا.

***بەنیازنیت بچیتە نێو ژیانی هاوسەری؟**

_جارێ زووە، تەنها خۆشەویستی.

*** پرسیارێك بەسەراحەت؟ هەتا ئێستاچەند رەفزت داوە؟ هیچ کات بووە کەوتبیتە داوی خۆشەویستی کورێکەوە؟**

گەر رەفزم دابێ بۆ ئەوەبووە پێکەوە نەگونجاوین، بەلاّم هەمیشە خۆشەیستی و هەستی پاکی ئەو مرۆڤانە لای من بەرز بووە. خۆشەویستی بۆمن داو نییە، بەلکو ئازادی و فرینە بەرەو ئاسمانی ئەوینی. من لەمێژە بەعەشقێکی کۆن، بەلاّم هەردەم زیندووەوە دەژیم .

*** یادگاریەکانی ژیانت لەکام وێستگە خۆشترین ساتەکانی تەمەنت بووە؟**

کاتی دلخۆشیم ئەوکاتەیە کە شیعرێکی تازە دەنووسم یان گۆرانییێکی تازە دەلێم. لەوکاتانەدا هەستێکی سەیرم هەیە. لەدایکێك دەچم کەتازە منداڵەکەی بەدنیا هێناوەو سەری منداڵەکەیان هێناوەتە سەرسنگی.

***قۆناغی منداڵیت چۆن بەسەربردووە؟**

تا ئەو جێگەیەی بیرم دێت ئەو جۆرەی بۆیان باسکردووم، منداڵێکی زۆر هێمن و بێدەنگ بوومە.

***وەك کچە شاعیرێك و گۆرانیبێژێك ئەو خەسڵەتانە چین کە پێویستە لە گۆرانیبێژێك یاخود شاعیرێکدا بێت؟**

پێویستە بەدڵێکی پاکەوە لەخزمەتی هونەرو ئەدەبی نەتەوەکەیدا بێت دڵی بۆ خەڵکەکەی لێبدات. هەردەم رووی لە خەڵك بێت، نەك لە دەستەلاّت، خۆشەویستی بۆ مرۆڤایەتی لە زەریای دڵی دا شەپۆل بدات و مەبەستی خزمەت بێت نەك بازرگانی.

***دەڵێن شیعر خاچێکی قورسەو هەڵگرتنی ئاسان نیە بزانین کەژاڵ چۆن خۆی لە قەرەی بەرز کردنەوەی ئەم خاچە دەدات؟**

لە مێژووی نەتەوەی ئێمەدا شاعیرانی بەتوانا زۆر بوون کە هەرکامیان لەسەردەمی خۆیاندا بوونەتە هۆی خولقاندنی ئالوگۆرو دەنگێکی نارەزایی بوون و بۆ هەلومەرجی کۆمەڵگا. راستە وایە شیعر خاچێکی قورسەو هەڵگرتنی ئاسان نیە من شیعر وەك دەریایەکی بەرین دەبینم. شاعیرانی مەزنی وەك مەحوی، نالی، مەولەوی، هەژار، بێکەس، ..هتد مەلەوانە لێهاتوەکانی نێو ئەم دەریایەن. کەژال ئێستا مناڵێکی ساوای نێوئەم دەریایەیە. ئامانجم لەشیعرەکانمدا خولقاندنی جوانییەو دژی کۆنەپەرستیم. نازانم بتوانم هەڵگری ئەم خاچەبم یانا، بەلاّم دەزانم کە تا ئاخیر هەناسەکانم لەتێکۆشان ناوەستم.

***ئەگەر ژیان خالی کرایەوە لە شیعر ئەوکات چی؟**

ئەوکاتە شیعرو شاعیر دەمرن کەعەشق و خۆشەویستی مردبێ.ئەگەر عیشق و خۆشەویستیش بمرێ ئیدی دونیا بەردەوام نامێنێ. کەواتە نەمانی هونەرو ئەدەب ئاکامەکەی نەمانی ژیان و هەستی مرۆڤایەتیە. ئەوکاتەیە کەئیدی دونیای ئێمە دەبێتە دونیایەکی ساردو بێ روح و دەبێ ئیمان بێنین بەوەرزی نەمانی عاتیفە.

***لەو سالاّنەی کەدەستت بەکاری هونەری کرد رووبەروی چ ئاستەنگێك بویتەوە؟**

لەم سالاّنەدا گەورەترین و سەرەکیترین رێگری من هەردەم ئەوەبووە کە ئافرەتم و لەرەگەزی مێینەم. ژنی هونەرمەند هەمیشە بەچاویلکەی رەخنەوە چاوی لێدەکرێ. هیوادارم رۆژێك بتوانین خۆمان لەداوی هەموو ئەوشتانەی کەرێگری گەشەکردنمانن ئازاد بکەین.

***ئێستا بەشێکی شاعیرە گە نجەکان لەسەر بەرگی نامیلکەکانیان وێنەی سێکسی دادەنێن بۆ رەواج دان بەفرۆشتنی نامیلکەکانیان؟ رات لەم بارەیەوە؟**

ئێمە دەتوانین لەدوو روانگەی جیاوازەوە لێکۆڵینەوەمان لەسەر ئەم

بابەتە ببێت، ڕوانگەی یەکەم ڕوانگەی ڕێکلام و بازرگانییە. وێنەی سەرنج ڕاکێشەر بەکار دەهێنرێ بۆخەڵەتاندنی چاوی جەماوەر. ڕوانگەی دووەم کە من بڕوام زۆرتر پێیەتی ئەوەیە کە تەفسیری ئێمە لەوێنەی ڕووت چییە؟ وێنەی ڕووت بۆمن نوێنەری هەستێکی ڕووت و عوریانە هەروا کە شیعر نوێنەری بێ پەردەترین و ڕووتترین هەستی شاعیرە، بەڵام ئەوەش دەڵێم کەهەرگیز وێنەی سەربەرگی پەرتووکی شیعر نوێنەری ناوەڕۆکی شیعرەکانی نێو ئەم کتێبە نییە. خوێنەری زانا بێگومان شیعری ڕاستەقینە لەشیعری بێ ناوەڕۆک بەباشی لێک دەداتەوە.

***دڵی خۆت بۆچ جۆرە کەسێك دەکەیتەوە؟**

بۆکەسێك کەخەڵکی وڵاتی دڵ بێت و لێم تێبگا.

***خۆت بەقەرزاری کێ دەزانی؟**

من مرۆڤێکم کەهیچ کات ناتوانم ئەو چاکیانەی دەرهەقم کراوە لەبیربەرمەوە. قەرزاری هەموو ئەوانەم کەلەقۆناغە جۆراوجۆرەکانی ژیانمدا پشتیوانم بوون و مەرهەم بوون بۆ زام و هاندەربوون بۆگەشەم.

***دوور لەشیعرو هونەر خەریکی چیت؟**

لەزانکۆی ستۆکهۆڵم سەرقاڵی خوێندنم لەبواری مێژووی مۆسیقاو کاریگەری مۆسیقاو سیاسەت لەسەر یەکتر.

***بە پێی زانیارییەکان تۆ چواردە ساڵ باوکت نەبینی و خۆشەویستیشت بۆئەو تایبەتیە، حەزدەکەم باسی ئەوەمان بەتەواوی بۆبکەیت؟ چۆن بوو لەتەمەنێکی زووەوە لەباوەشی دایکت جیابوویتەوەو تا١٤ساڵی دوور لەمان ژیایت؟**

من لەئامێزی داك و باوکێکی شۆڕشگێردا چاوم بەڕووی دونیا هەڵێنا. ژیانی پێشمەرگایەتی دایك وباوك لە چیاکاندا وایکرد کە من هەرلەتەمەنی دوو مانگانەوە لەباوەشی دایك هەڵچڕام ١٤ساڵ دوور لەوان ژیانم بەسەربرد. ١٤ساڵی سەرەتای ژیانم ئەگەرچی لای دایك‌وباوکی خۆم نەبووم، بەڵام ئازیزانێ منیان گەورەکرد کە هەروەك دایك وباوکێکی ڕاستەقینە منیان خۆشدەویست و خۆشم دەویستن. پاش ١٤ساڵ دووری بۆیەکەمین جار باوکی خۆمم دییەوە وبەیەکتر شاد بووینەوە بەرهەمی"جوانترین وشە"وەك وەفایێ پێشکەشی دەکەم بەهەردوو باوکەکەم. هەم باوکی خۆم کە زۆرم خۆشدەوێ و هەم ئەو باوکە ئازیزە کە١٤ساڵ منی گەورەکردووەو ئێستا ئیتر بەداخەوە لەژیاندا نیە، پێشکەش بەڕۆحی بەرزی و هەروەها پێشکەش بە هەموو باوك و کچەکانی وڵاتەکەم.

***تۆ جیا لەوەی گۆرانیبێژو شاعیریت میوزیك ژەنیشی، ئەمە چ جۆرە یارمەتیەکی داویت لەخزمەتکردن بەهونەرەکەت و شیعرەکانیشت هەروەها؟**

گۆرانی، شیعرو مۆسیقا سێ بواری جیاوازی هونەرن کەپێکەوە پەیوەندی نزیکیان هەیە، زانیاری من لەبواری مۆسیقادا دەبێتە هۆی ئەوەی کەشیعرەکانم لەسەر ڕیتم و وەرزێکی تایبەت کە گونجاوی گۆرانی بێت دابڕێژم. زانیاریم لەبواری ئاوازو مەقامەکانی مۆسیقادا یارمەتی دەرمە بتوانم بەشێوازێکی زانستی گۆرانی بچڕم. ئەوەش دەبێ بڵێم دونیای مۆسیقا زۆر بەرینەو من هێشتا لەسەرەتادام.

***ئامانجی تۆ لەگۆرانی وتن چیە؟ دەتەوێ چی بڵێیت؟**

ئامانجی من هەر ئەوەنیە گۆرانی بڵێم و بەس، بەڵکو ئەمەوێ لەگۆرانیەکانمدا شتێکم پێ بێت بۆ وتن. ئەمەوێ گۆرانییەکانم سەرنجی گوێگر ڕابکێشێ و بیخاتە ناو فکر. ئامانجی سەرەکیم ئەوەیە گۆرانیەکانم زایەڵەی دڵی خەڵکەکەم بێت و هۆنراوەکانم باسی واقیعەتەکانی کۆمەڵگاکەم بکات، باسی خەفەتەکانی ژنی کۆمەڵگاکەم بکات، باسی عیشقی قەدەغەکراوی گەنجەکانمان، باسی نەتەوە ستەملێکراوەکەم، باسی ئەوین و ئازارەکانمان.

گۆرانیەکانم لەدڵ و لەناخمەوە دێتە دەرەوە هیوادارم بنیشێتە سەر دڵی گوێگریش. من لەمێژوو کەڵك وەردەگرم و بۆداهات و ئیش دەکەم. هیوادارم بتوانم ئیشە هونەرییەکانم بگەیەنمە ئەو ئاستە کە نەوەی داهاتوش بتوانن کەڵکی لێوەربگرن.

***لەسەر بەرهەمی( جوانترین وشە ) چی دەڵێیت؟**

بەرهەمی جوانترین وشە یەکەم ئەزموونی من بوو وەك یەکەم ئەزموون لێی ڕازیم. بڵاوبوونەوەی جوانترین وشە پێشوازی لێکراو سەرنجی جەماوەرێکی بۆخۆی ڕاکێشاو ئەو دڵنیاییەی پێدام کە لەئیشەکەمدا بەردەوام بم.

***بەنیازنیت سەردانی کوردستان بکەیت؟ وەك سەردان چ بۆ سازکردنی کۆنسێرت و کۆڕی شیعری؟**

هیوام ئەوەیە ڕۆژێ بگەڕێمەوە کوردستان لە ئامێزو خاك و خەڵکەکەی خۆمدا بەرهەمەکانم پێشکەش بکەم. هەرکات ئەم مەجالەم بۆ بخوڵقێ لێی ناوەستم. هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا بەم ئاواتەم بگەم.

***ئەم دیمانەیەت چۆن دەبینی.**

زۆرسوپاس بۆ ئێوە کە ئەم دەرفەتەتان بۆ ڕەخساندم لەپەنجەرەی گۆڤارەکەتانەوە لەگەڵ خوێنەرانی هێژا بدوێم. ئازیزان بۆ زانیاری زۆرتر لەسەر ئیشەکانم دەتوانن سەردانی ماڵپەڕی www.kazhaladami.com بکەن. ئەو مژدە ئەدەم کە نوێترین کلیپی من کە دوئێتێکە نێوان من و هونەرمەند نەجمەی غولامی ئامادەیە و لە ڕۆژانی داهاتوودا لەڕێگەی کەناڵە ئاسمانیەکانەوە بڵاودەبێتەوە. چەپکێ گوڵی خۆشەویستیم دەئاڵێنمە لاپەڕەی گۆرانی و هۆنراوەکانم و ئەیدەم لەبەرۆکی هەمووتان.

